# ئەگەر خەڵك بەریزی سەربەخۆی نەیەتە مەیدان کوردستان لەسایەی ئەم سیاسەتە نوێیەی بۆشدا تاریکتر دەبێت لەئێستای

## چاوپیکەوتن لەگەڵ سامان کەریم سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەوەکالەت سەبارەت بە سیاسەتی نوێی ئەمەریکا لە عێراقدا

## سازدانی زمناکۆ عەزیز

**لەرۆژانی رابردوودا بوش ستراتیژی نوێی ئەمریکای لە عێراقدا راگەیاند، خوێندنەوەتان بۆ ئەم ستراتیژە نوێیە چیە؟ پێت وایە جیاوازی جدی هەیە لەگەڵ سیاسەتی پێشووی ئیدارەی ئەمریکا؟ وەتاچەند ڕەنگدانەوەی ڕاپۆرتی بیکەر هاملتۆنی پێوە بوو؟ ئیعدامی سەددام تاچەند ئاڕاستەی ئەو ستراتیژەی گۆڕیوە؟**

سامان کەریم: پیش وەلام پێویستە ئەوە بلێم کە ئەمە پرسیاریك نیە بەڵکو چەند پرسیاریکن لەنێو یەك پرسیاردا و دەکریت جیابکرینەوەو منیش بەبێ ئەوەی جیان بکەمەوە بۆ چەند پرسیارێك، لە چوارچیوەی وەلامی خۆمدا بەجیا وەلامیان دەدەمەوە. پێش هەر شتێك پێویستە ئاماژە بەوە بدەم، کە لەراستیدا من ئەم "ئیستراتیژییەی" کە ڕاگەیەنراوە لەلایەن بۆشەوە، بە ئیستراتیژی نازانمو ئەمە نەخشەیەکی سیاسی تازەیە لە چوارچێوەی هەمان ئیستراتیژی پێشودا. نەخشەیەکی تازە کە بناغەکەی بەبروای من لەسەر پایەی فەشەلی ئیستراتیژی سیاسیو عەسکەری ئەمەریکا لە عێراقو ناوچەکەدا دارێژراوە. لەوەش بەولاوەتر گشت ئیستراتیژی ئەمەریکا "نیزامی نوێی جیهانی" لە ئاستی جیهانیدا بە هۆی گێژاوو فەشەلێکەوە کە ئەمەریکا لەعێراقدا تێیکەوتوە کەوتۆتە ژێر پرسیارو ئەویش لە لێواری مەرگدایە. بەلاّم من پیم وایە تا ئێستا بۆشو ئیدارەکەی دەست بەرداری ئەو ئیستراتیژییەی خۆیان نەبونو ئەم سیاسەتە نوێیەیان هەولێکە بۆ جێبەجیکردنی هەمان ئیستراتیژی پێشوو. دیارە لەم نەخشە نوێیەدا هەندێك تەنازولی تێدایە بە قازانجی ناسیونالیزمی عەرەب کە لە سیاسەتی پێشووی ئەمەریکادا نەبوو، بۆ نمونە هێنانەوەی مصرو سعودیو ئەردەن و تەنانەت وولاتانی کەنداو بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەتەکانی خۆی، کە حەتمەن بۆش بیەوێت یان نا، ئەم سیاسەتە ڕۆلێك دەداتەوە بە دەوری ناسیونالیزمی عەرەب لە عێراقدا.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر سەرنج بدەین، ئەم نەخشەیە نەخشەیەکە بۆ بەغدا. گشت شوێنو شارەکانی دیکەی عێراق فەرامۆش کراوەو تەسلیم کراوەتەوە بە هیزە میلیشیاکانی کە ئێستا دەسەلاتدارن. ئەم نەخشەیە ڕووی لەوەیە کە بەغدا بەشێوەیەك لێبکات کە ناسیونالیزمی عەرەب ڕازی بکات، بەلام تا چەند ئەم نەخشەیە دەچیتە پێشەوە ئەوەیان شتێکی دیکەیە. کۆنەپەرستی ئەم نەخشەیە لیرەدا زۆر ڕۆشنە، کە ئەمەریکاو هێزەکەی هیچ کۆسپێکی نیە لەگەڵ کۆنەپەرستترین هیزو لایەندا بەمەرجی ئەوەی برِیك بەرژەوەندی خۆی بۆ بچێتە پێشەوە. ئەگینا ژیانی خەلّکی شارەکانی جنوب، هەمان ژیانی خەلّکی ئەفغانستانە لەسایەی تالیباندا (دیارە ئەمەریکا موشکیلەی نەبوو لەگەڵ دەسەلاتی تالیباندا، ئەگەر لەخەتی سوری ئەمەریکا لای نەدایە) بەلام لەمبارەوە نەخشەکە نەك هیچ نالیّت، بەڵکو خەلّکەکەی بەدەست بەستراوی تەسلیم بەو هێزانە کردۆتەوە.

ئەم نەخشە سیاسیە نوێیە پەلەقاژەی بۆشو ئیدارەکەیەتی بۆ مانەوە لەسەر ئیستراتیژی پێشووی خۆی، دیارە بەکۆمەكو هاوپشتی ئەو هێزو لایەنانەی کە لە نێو عێراقو ناوچەکەدا لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمەریکادا کایەو سیاسەتی خۆیان دەکەنو تازە چارەیەکیان نەماوە بۆ خۆجیاکردنەوە لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا یان قورس دەکەوێت لە سەریان. بۆیە باسەکەمان دەبیتە ئەوەی کە لە پرسیارەکەتاندا هاتوە، ئەویش جیاوازی ئەم نەخشەو سیاسەتەیە لەگەل نەخشەو سیاسەتی پێشودا لە چوارچیوەی هەمان ئیستراتیژیدا. بەبروای من چەند جیاوازی سەرەکی لیرەدا جیگای ئاماژە پیکردنە، ئەویش هێنانەوەی بەعسیەکانو بەگشتی  ناسیونالیزمی عەرەب بۆ نیو حەلقەی دەسەلاتداریتی لەبەغداو بەم پێیەش وەلام بەخواستی ئەوان بۆ ئالوگۆرپێدانێك لەدەستوردا (بۆ ئاگاداریتان هەردووکیان لە راسپاردەکانی بیکەر هاملتوندا هەن) هەروەها زیادکردنی فشار لەسەر جمهوری ئیسلامی ئێرانو ئەو میلیشیایانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ئیرانەوە لەوانە باندەکەی صەدر (ئەمەیان بەئاراستەی پێچەوانەی بیکەر-هاملتونە)... بەگشتی هێنانەوەی بەعسیەکانو ئیسلامی سیاسی سوننی (جگە لە قاعیدە)و ئالوگۆر پیدان لەدەستوردا و هەولّدان بۆ پەڕو بالکردنی هێزو نفوزی جمهوری ئیسلامی ئێران لەناوچەکەو بەتایبەت لە عیراقدا... دیارە ئەم باسە لەسەریکی دیکەوە پەیوەست دەبیتەوە بە کێشەو تەنگژەکانی نیوان ئەمەریکاو ئێران لە پەیوەست بە "کێشەی ئەتۆمیەیەوە". ئەوەی لەم نێوەدا جێگەی سەرنجە هەولّی ئەمەریکایە بۆ جیاکردنەوەی سوریا لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیراندا تا لەم رێگایەوە وەرەقە سیاسیەکانی ئیران لە لوبنانو فەلەستیندا بسوتێنیت یان کاریگەریان کەم بکاتەوە. واتە دەورو ڕۆلّی حزب اللهو حماس تا ڕادەیەکی زۆر کەم بکاتەوە. دیارە لەم خالّەدا ناسیونالیزمی عەرەب وەکو بزوتنەوەیەك سیاسەتەکانی لەگەڵ ئەمەریکادا جوت دەبێت. خالێکی دیکە ئینزاری رۆشنی حکومەتی مالکیو هیزەکانی بەشدار لە دەسەلاتی بەغدایە کە ڕاستەوخۆ پێیان دەلێت، کاتی ئەوە هاتوە ئەگەر بەگوێمان نەکەن، ئەوا دەتان پێچینەوە، لە ڕوانگەی منەوە ئەم ئینزارەی بۆش جدیە بۆ هەموو ئەو هێزانەی کە هاوبەشن لە دەسەلاتدارێتی ناوچەی سەوزدا لە بەغدا. ئەم ئینزارەش بە قازانجی ناسیونالیزمی عەرەبە.

ئەم سیاسەتە نوێیە تا چەند کاریگەری بیکەر هاملتونی بەسەروە بوە یان نا؟ ئەمەیان دەکریت لە خالەکانی ئەم سیاسەتەدا ببینرێت‌و بەرۆشنی کاریگەری ئەم راپۆرتە بەسەر ئەم سیاستەوە دیاریبکرێت. بەتایبەت ئەوەندەی بگەریتەوە بۆ عێراق گیرانەوەی بەعسیەکان (چاوپیاخشاندوەی بریاری لەرەگ دەرکێشانی بەعس‌و ئالو گورپیدانی دەستور) هەروەها تەسلیم کردنی ئەمنیەتی شارەکان بە هیزە عیراقیەکان، ئینزارکردنی حکومەتی مالکی بەوەی کە ئەگەر پابەند نەبیت بە پەیمان‌و کارەکانیەوە ئەوە ئەمەریکا کۆمەك‌و پالپشتی خۆی رادەگرێت، هەلبژاردنی محلی لەشارەکان.. ئەمانە کۆمەلە خالیکن کە راستەوخۆ لەو راپۆرتە وەرگیراون، کە پێم وابیت ئەمانە خالی جەوهەری راپۆرتەکەی بیکەر هاملتون بۆ نیوخۆی عیراق پێك دەهێنن. بە بروای من بۆش گۆشتی راپۆتەکەی نەخواردوەو دژ بەوەیە، بەلام لە هەلقوڕاندنی گۆشتاوەکەیدا هیچ کۆسپیکی نەبوە. راپۆرت‌و راسپاردەکانی بیکەر هاملتون لەوەدا بەدژی ئەم سیاسەتە نوێیە دەوەستێتەوە، کە راسپاردەکان لەبنەوە ئیستراتیژی ئەمەریکا دەگۆرن‌و بەرۆشنی دەلین بە ئەمەریکا ئەم هەلومەرجە چارەسەر ناکریت‌و پیویستی بەکۆمەکی نیونەتەوەیی هەیە واتە هاوبەشکردنی وولاتانی زلهیز لە چارەسەری کێشەکاندا. بۆش‌و ئیدارەکەی پەلەقاژە دەکەن‌و دەلین نا ئێمە هەر پۆلیسی دنیاین. لەمە بترازێت کە ناوەرۆکی گشت باسەکەیە ئیتر بۆش کۆسپێکی وای نیە لەگەل هەنگاوە سیاسی‌و عەمەلیەکانی بیکەر هاملتوندا.

ئیعدام کردنی صدام‌و پەیوەندی نیوان ئەوەی کە چۆن کاریگەری خستۆتە سەر هێنانە دەرەوەی ئەم راپۆتە.... پێش دەرچونی راپۆتەکە ڕۆشن بوو کە ئیعدامکردنی صدام کە بە ویستی ئیسلامی سیاسی شیعی بوو، بۆئەوەی کە جەستەی خویناوی ناسیونالیزمی عەرەب لە ئاستی ناوچەکەدا بریندارتر بکات، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناسیونالیزمی عەرەب لە سەردەمی ئێستادا رەمزی خۆی لە شەخسیەتی صدامدا بەیان بکات. تاوانبارێکی گەورەی وەك صدام بە ئیعدامکردنی لەلایەن ئەو جەلادانەی کە کەمتر لەخۆی جەلاد نەبون بووە هۆی ئەوەی کە وەك "پالەوان‌و شەهید"ێکی گەورەی ناسیونالیزمی عەرەب لەئاستی جیهانی‌و بەتایبەت لە ئاستی جیهانی عەرەبدا دەربکەوێت. بەم پێیەش ئیعدامکردنەکەی مۆتیڤێکی بەهیزبوو بۆ نزیك کردنەوەو کۆبونەوەی ناسیونالیزمی عەرەب لەدەوری یەکتری چ لەئاستی ناوچەیی یان لەئاستی عیراقدا. ئەگەر لەم روانگەیەوە سەرنج بدەین دەبینین، کە پرۆسێسی چونە پێشەوەی نەخشە سیاسیەکەیان پێویستی بەوەهەیە دەست‌و بردی تیدا بکەن، خیرا تر بەعسیەکان بهێننەوە، خیراتر دەستورەکەیان پێبگۆرن، وە زیاتر لەوەش ئینزاری حکومەتی ئیسلامی سیاسی شیعیە لە فۆرمی ئێستایدا، کە پیم وابیت ئەمەریکا زیاتر ئاراستەکەی ئەوەیە کە حکومەتیکی سەنترالی توند دابمەزرێنیت‌و شەقیك لەم دەستورو یاساو رێسایانەی ئێستا هەلبدات.. بەبروای من ئەمە زۆری نەماوە،...

**بەپێی ئەو سیاستەی کە بۆش ڕایگەیاند، چاوەڕوانی کام ئاڵوگۆڕ بکەین لە ئەوازعی ئەمنی‌و سیاسی عێراق؟**

سامان کەریم: بەبڕوای من پێویستە چاوەڕوانی ئالۆگۆڕی نەگەتیڤ بکەین. ئالۆگۆڕیك کە نەك هەر بە قازانجی خەلکی عێراق وە بەتایبەت بەغدا نیە، بەلکو ڕاستەوخۆ دژی بەرژەوەندی‌و ئەمنیەت‌و ئارامی خەلکە. بڕیك دیقەت کافییە بۆئەوەی تێبگەین کە ئەمەریکا بەهیچ ناونیشانیك ناتوانێت چارەسەری کێشەی ئەمنی‌و شەری تائیفی بکات. پرۆسێسیکی سیاسی کە ئەمەریکا بەریوەیبردوە بەتەواوی تاسەر مۆخ کۆنەپەرستانەو تائیفی‌و قەومیە. هێزی داگیرکەر تاسەر مۆخ هێزیکی دڕەندەو تیرۆریست بوە، هیچ ئینسانێکی ئازادیخوازو بەویژدان ناتوانێت داگیرکاری ئەمەریکا پاساو بدات... هێزەکانی ئەمەریکا لەلایەن خەلکەوە وەك هێزی دوژمن تەماشا دەکرین. لەکاتیکدا بریارە ئەم نەخشەیە بەهیزی میلیشیاکان بڕواتە پێشەوە کە هەمویان هێزگەلیکی تائیفین لەگەل هیزە تازە هاتوەکانی ئەمەریکا.. رۆشنە کەئەم پرۆسێسە فاشلە، چونکە ئەوان خۆیان هۆکاری پێکهاتنی ئەم هەلومەرجی نائەمنی‌و نائارامی‌و شەرو تیرۆرەن. کێشەی شەری تائیفی‌و ململانێی تیرۆریستی نیوان ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسی وەلامی سیاسی دەوێت، کە ئەو وەلامە نە لای ئەمەریکایە وە نە بەئەویش جێبەجیدەکریت. هێزی سێهەمی پێویستە، کە کۆنگرەی ئازادی عێراق‌وحزبی ئیمە بەشێکە لێی.

**لەو ستراتیژەی ئەمریکادا هیچ جێگەو ڕێگەی کورد لەهاوکێشەی تازەی عێراقدا دیار نیە؟و تازە فرۆشتنی نەوتیشیان لێ قەدەغەکراوە، لێکدانەوەت بۆ ئەمە چیە؟**

سامان کەریم: بڕیك دیقەت بکەین لە "کورد". ئەگەر مەبەست خەلکی کوردستانە، ئەوە هەرگیز نە ئێستاو نە پێشوتر، لە لایەن ئەمەریکاوە هیچ جیگاو ڕیگایەکی بۆ دانەنراوە هەمیشە هەولدراوە بکریتە قوربانی سیاسەتە سەرکوتگەرو شەرخوازەکانی خۆی. ئەگەر مەبەست لە یەکێتی‌و پارتیە کەبەگشتی میدیای رەسمی لەگەل "کورد"دا دەیان کاتە یەك دەستە واژە، ئەوەیان ئەمەریکا تا ئەوکاتەی کە پێویستی پێیان هەبێت، کەدیارە پێویستی پێیان وەك سەرەتای جەنگ‌و داگیرکاریەکەی نەماوە، تا ئەوکات بەشێوەی بەلێن‌و پەیمان‌و پەیوەندی تەلەفۆنی بێ بناغەو بەلێنی ئەخلاقی لەگەلیاندا مامەلە دەکات. ناسیونالیزمی کوردو ڕابەرەکانی تا ئێستا مالی ئەوەبون فریو بخۆن بە سویندو پەیمان‌و بەلێنی ئەخلاقی، لەدوای ڕیکەوتنی واشتنەوە لە سالی 1998دا هەردوو حزبی دەسەلاتی کوردستان بەوە دلیاخۆش بوو، کە ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمەریکا، وتویەتی" ئیمە ریز لە بریاری خەلکی کوردستان دەگرین" ئەوان ئەمەیان ترجمە دەکرد بۆ ریز گرتن لە فیدرالیەت‌و بەرەسمیەت ناسینی فیدرالی. من پیم وایە یەکێتی‌و پارتی لاوازترین وەرەقەی ئەم نەخشە سیاسیەن‌و دوا هێزن کەلەسەر چارنوسی عێراقدا پێیان ڕادەگەیەنرێت کە عێراق

چی بەسەر دێت. ئەمە لێکدانەوەی تازەی ئێمە نیە بەڵکو دوو ساڵ لەمەوپێش‌و بگرە زیاتریش ئیمە ئەم باسەمان بەشێوەی ڕۆشن نوسیوەو بلاوکردۆتەوە. لەچوارچێوەی سیاسەت‌و ئیستراتیژی ئەمەریکاو ئەم هێزە کۆنەپەرستانەی بەغدا واتە ئیسلامی سیاسی شیعی‌و سونی‌و ناسیونالیزمی عەرەب بە توانا ناوچەییەکەیەوە، ناسیونالیزمی کورد وەرەقەیەکی دۆڕاوە. بەلام وەك هەمیشە وتومانە خەلکی کوردستان پێویستە، خۆی لە چوارچیوەی ئەم دۆڕاویە دەربکێشێت، ئەویش بەجیابونەوەی لە سیاسەتەکانی ناسیونالیزم‌و پەیوەست بون‌و خەباتکردن لەپیناو جیابونەوەی کوردستان‌و پیکهێنانی وولاتیکی سەربەخۆی سکولارو ناقەومی.

**ئایندەی کوردستان لەسایەی ستراتیژی تازەی ئەمریکادا چۆن ئەبینن؟**

سامان کەریم: پیم وابیت ئایندەی سیاسی خەڵکی کوردستان چ لەسیاسەتی پێشوی بۆشدا وەچ لەسیاسەتی ئێستایدا، یەك ناوەرۆکی هەیە. ئەویش سەرکوتی مافی بریاری سیاسی خەلکی کوردستانە لەپیناو دیاریکردنی چارەنوسی خۆیدا. دوێنی‌و ئەمرۆ بۆ ئەمەریکا لەم نێوەدا مەوجود نیە. لەهیچ کوێیەك بۆش‌و ئیدارەکەی نەیان وتوە، ئیمە لە گەل بەرژەوەندی خەلکی کوردستان‌و داواکاری ئەواندایین. بەتایبەت خەلکی کوردستان لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە جوت کراوە لەگەڵ یەکێتی‌و پارتیدا. واتە لای ئەمەریکا یەکێتی‌و پارتی یەکسانن بە گشت خەڵکی کوردستان. بۆیە خەلکی کوردستان دەتوانن زۆر ڕۆشن‌و سەرساغ بلێن نا بۆ سیاسەتی کۆن‌و تازەی بۆش‌و ئیدارەکەی، هەردوکیان کۆنەپەرستن. لەهەردوکیاندا هیچ حساب‌و ئاماژەیەك بۆ مافی دەنگدانی گشتی‌و ئازاد "رفراندۆم" نەکراوە. بەکورتی ڕوانگەی ئەمەریکا بۆ مەسەلەی کورد، ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان لە چوارچیوەی عێراقدا بمێنیتەوە لە سایەی فۆرمێك لە فۆرمەکاندا، بۆنمونە ئۆتۆنۆمی، لەسایەی حکومەتیکی کۆنەپەرستی ئیسلامی-قەومیدا. ئایندەی خەڵکی کوردستان بەکورتی لە روانگەی ئەمەریکاوە ژێر دەستەیی و پلەدوویی‌و دیارنەبون یان هەڵواسراوی چارەنوسی سیاسیە وەك ئەوەی ئێستا هەیە. بەتایبەت سیاسەتەکانی ئێستای ئەمەریکاو ئەوەش کەلەم نەخشە نوێیەی ئەمەریکادا هاتوە، کەلەباری عەمەلییەوە ئێستا خەریکن کاری پێدەکەن روی لەوەیە کە کێشەکانی عێراق بەرەو قوڵ بونەوە بڕوات. ناردنی هێزی پێشمەرگە نمونەیەکە کە کێشەو ململانێی قەومی دەباتە ئاستێکی خەتارناکترەوە، پەلی تیرۆریزم رادەکێشیت بۆ کوردستان. بۆیە من ئایندەی خەڵك لەکوردستان لەسایەی ئەم سیاسەتەدا تاریکتر دەبیینم لەوەی کە ئێستا هەیە، ئەگەر بێتوو خەڵك ریزی خۆی جیانەکاتەوە لە سیاسەت‌و کارکردی یەکێتی‌و پارتی. لەوەش بترازێت ئەگەر بەزەرەیەك ئەمەریکا لەگەل بچوکترین خواست‌و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا بوایە، ئایا نەیدەتوانی کارەبا بۆ خەڵك دابین بکات‌و فەرزی بکات بەسەر یەکێتی‌و پارتیدا کە کارەبا بۆ خەلك دابین بکەن. چونکە رۆشنە دەسەلاتدارانی کوردستان نایەوێت کارەبا دابین بکەن. بۆیە هەر ئومێدو هیوایەك بە ئەمەریکاو پروپاگەندەکانی جگە لە هەڵخەلەتاندنی خەڵك‌و خۆلکردنە چاویان نەبێت شتێکی دیکە نیە.

**ئەرکی جەماوەری کوردستان کامەیە کە ڕێگە بگیرێت لە شێواندنی فەزای ئارامی کوردستان، وە بتوانن بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵگرن؟**

سامان کەریم: ئەمە پرسیاری سەرەکیە، وە بەبروای من هەرکەسێك کە لەکوردستان دەژیت جیگای خۆیەتی پێش هەرکەسیك ئەم پرسیارە روبەروی خۆی بکاتەوە. من وای دەبینم کە ئارامی‌و ئەمنیەتێکی نسبی کە ئێستا هەیە تاسەر نابیت، هەروەك چۆن لەسەرەتای داگیرکاری ئەمەریکاوە زۆر بەرۆشنی وتمان ئەو ئاستە لە باش بونی ژیان‌و بەرزبونەوەی موچە کاتیەو ئێستا خەلك ئەگەر موچەکەی یەك ملیۆن بیت ئینجا دەتوانیت مام ناوەند بژیت، بەهەمان شیوە مەسەلەی ئەمنیەت‌و ئارامی لە کوردستاندا تا ئەوکاتەی کوردستان بەشیکە لەعیراق، بەستراوەتەوە بە ساغبونەوەو یەکلابونەوەی دەولەتیکەوە کە بیەویت ئەمنیەت‌و ئارامی بۆ عیراق دابین بکات ئەم هیزانەی لەدەسەلاتدارێتیدان لەبەغدا نەك هیچیان لەم جۆرە هیزو حیزبانە نین، بەلکو خۆیان بەشێکن لە قولکردنەوەو فراوانکردنەوەی نائەمنی‌و نا ئارامی‌و شەرو کویرەوەرییەك کە بەسەر خەلکی عێراقدا سەپاوە. ئەوە بەرنامەی سیاسی ئەوانەو پیویستی بەلێکدانەوەی سیاسی نیە، پاش 4 سال لە دەسەلات‌و حوکمرانی ئەوە سەلماوە.

بۆیە ڕێگای دروست‌و گونجاوو مومکن، لە ئێستادا، یەکگرتووبون‌و ڕیکخراوبونی خەڵکی کوردستانە بەدەوری جیابونەوەی کوردستان‌و پیکهێنانی دەوڵەتیکی سەربەخۆدا لە ڕیگای رفراندۆمێکی گشتی‌و ئازادەوە کە تەواوی دانیشتوانی خەلکی کوردستان دەنگی ئازادانەی خۆیانی تیدا بدەن بە تەواوی خەڵکی کەرکوك‌و ناوچە کوردنشینەکانی دیکەشەوە. لە راستیدا ڕیگای تر لە ئێستادا وجودی نیە، دەسەلاتدارانی ئێستای بەغدا تیرۆریستن، لە ناوەرۆکی بەرنامەو سیاسەتی ئەواندا مافی خەڵکی کوردستان نەك ووجودی نیە، بەڵکو لای ئەو هێزانە خەلکی کوردستان‌و کێشەی نەتەوەیی هەر بونی نیەو ئەوان وەك بەشیك لە ئۆمەتی ئیسلام سەیری خەلکی کوردستان دەکەن‌و لەمبارەوە سەرنج بدەنە بەرنامەکانی باندو هیزەکەی الحکیم‌و حزبی دەعواو باندەکەی صەدر... لەسەرەوە ئاماژەمان بە ڕۆلی ئەمەریکاش کرد کە هەرگیز بەرژەوەندی خواستی خەلکی کوردستانی نەك لە بەرچاو نەگرتوە بەلکو سەرکوتی کردوە.. بۆیە لە ڕوانگەی ئێمەوە ڕیگاچارە جیابونەوەو پیکهێنانی دەولەتێکی سکولارو نا قەومیە، کە خەڵکی کوردستان هەم بە مافە سیاسی‌و فەردی‌و مەدەنیەکانیان دەگەن، وەهەم ئارامی‌و ئەمنیەتێکی بەهێزتر بەرقەرار دەکەن‌و دەستی تیرۆرو

تیرۆریزم لەبنەوە دەشکێنن. حزبی ئێمە ئەوە کارو ئەرکیەتی کە لەپێناو ئەم ئامانجەی خەڵکی کوردستانو بەرژەوەندییەکانیدا تا سەر خەبات بکاتو تێبکۆشێت. بۆیە بەکورتی کۆبونەوەو هاتنە نیو ریزەکانی ئەم حزبەو پتەو کردنی ریزەکانی، وەلامی گونجاوو دەست بەجێیە بۆ پرسیارەکەتان.